# تاکەی ئەم گرانی و بیَ ویژدانیە لەبازارەکاندا........؟؟



**ڕێژین ابراهیم**
rezhen@maktoob.com

**بیَ گومان ئەم دنیایەی ئێمەی تیادەژین، هەمیشە هەوڵدان وتێکۆشان بووە،بۆگەیشتن بەلوتکەی ئـازادی و مـافی خۆمان، بۆگەیشتن بەبارێکی لەبار لەپێناوی ئەوەی کەمافمان نەخورێت،سەر ڕاست بین لەئاسـتی شـتەکانی چـوار دەورمان ،هەمیشە چاکە بەچاکە بزانین وە خراپەش بەخراپە لەقەڵـەم بدەین،ئەگـەر بێـت و سـەیری بازارەکـانی ئەمرۆبکەین دەبینین کۆمەڵك دیاردەی ناشرین هەیە ئەویش گرانی نرخی شـت و مـەك هەیـە,هـەروەها لایـەنی ئابوریەکەی بە بەشێکی گرنگی دەزانم باسیلَوە بکەم، ئێستا بازارەکان شلَەژاویەکی پێوە دیارە لەروی ئابوریەوە،کە وەزعێکی نالەبارە بۆ هەرهاولاَتیان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆلایەنی فرۆشیارو کڕیاردا دواتر بەئاگانەبوونی دەستەلاَ تو حکومەت ،چەن قۆناغێکی زۆری دەوێت بۆگەیشتن بەئامانج و ئەوکارانەی کەڕۆژانە پێویستمان پێی! ەتی ،ئەمـەش وادەکات کەمیللەت چاوەڕوانی هەرزان بونی نرخی شتومەکەکانی ڕۆژانە بکـات ،هەمیـشە لـەنێوان چـاوەروانیدا بمێنێتەوە ،ئەو کەرەستانەی کەئـەمرۆ هەریەکـە لەئێمـە لـەژیانی ڕۆژانەمانـدا پێویـستمانە،وەك میوەهـاتو سـەوزەو خواردەمەنیە سەرەکیەکانی ڕۆژانە،ئەمەش گرانیەکی بیَ سنور باڵی کێشاوە بەسەریا،ئەگەر بیـت و بـیر لـەڕابردوو بکەینەوە ،یەك دوسالَ لەمەو بەر ،میللەت لـەمقۆمقۆی ئـەوەدابون کەحکومەتەدیکتاتۆریـە کـەی عـیراق بروخێـت وحکومەتێکی تازە دابمەزرێت، ژیانێکی خۆشتر گوزەرانێکی باشـتر بۆمیللـەتی کـورد برەخـسێت،ئەمەش بەهـەولَ وتێکۆشانی گەل ودواتر کاربەدەستان و بەیارمەتی هێزی هاوپەیمانی لە پرۆسـەیەی ئـازادی عێراقـدا بەبەشـداری چەندی لایەنی تر هاوکاریان کردن، توانیان عێراق بکەنە عێراقێکـی دیموکراسـی فـرە نەتـەوەی ،هەریەکـەمان ئەوئاواتەمان هاتەدی بەرزگار کردنی گەلی کوردو هەمووگەلی عێراق  لەدەست دیکتاتۆریەتی بەعس،بەڕێژەیـەکی زۆر خەڵك لەخۆش حالَیدابون بۆئەورۆژە،ئاواتە خواز بوین هەریەکـە مـان مـافێکی خۆمـان بدرێتیَ،هەریەکـەمان چاوەروانی ژیانێکی خۆشمان ! دەکرد،بۆئەوەی چیدی چاوەڕوانی دەستی هیچ میللەتێك نـەبین و خۆمـان لـەپێن اوی بەرژەوەندیەکانی خۆماندا بژین،ئەوڕۆژەشمان بینی کەچۆن صدامو دارودەسـتە بەتـەواوی ڕسـوابون هـەروەها بینیمان کە حکومەتی عێراقـی دامـەزراو هەڵبـژاردنی بـۆ کـرا  سـەرۆکێك  حکـومی عێراقـی دەکـرد ئـەویش سەرۆکەکەی کورد بوو ئێستاتش ئەوەتا بۆ جارێکی تر حکوم دەکاتەوەو بۆ ماوەی چـوار سـاڵی ئاینـدە بـەردەوام دەبێت، ئەبێت ئەوڕۆژانەمان لەبیر نەچێت  بەلاَم ئێستاش تازەبەتازە لەبـەردەم قـەیرانێکی سـلبی داین،کەئـەویش**

**ڕۆژانە فرۆشیارەکان بەئارەزوی دڵی خۆیان نرخی کەلوپەل زیاد دەکەن بەبێ گوێدانە ئەونرخانەی کەبۆیان دانراوە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە،سەرسام دەبین بەبینینی ئەو ئازادیەی کەلەشت فرۆشتنداهەیە لەناوبازارەکانداهەریەکەلە ئێمە ئەوکەرەستانەی کەپێویستمانە ،بەرێژەیەکی بەرچاو لەگران بوندایە،هەر بۆیەناچار دەبین بەوگرانیەشەوەهەربی کڕین،سەیریەکە لەوەدایە ئەوشتانەی ڕۆژانە پێویستمانە ناتوانین نەی کڕین،بەڵام ئەوکە! لوپەلانەی کەپێویستیەکی ئەوتۆی نیەئەگەر گرانیش بێت ئەتوانین فەرامۆشی کەین،یان نەیکرین ئەمە لەلایەك،لەلایەکی تریشەوە ئەبێت ئەوەبزانین هەریەکەمان مافی ئەوەمان هەیە کەبڵێین بەسە تاکەی بێ ویژدانی لەنرخی شتومەکەکانی بازاردا، تاکەی لێپرسینەوەیان نەبێت**